# دەرپێشکی تووڕەبوونێکم

شیعری: دیار عەبدول

"وەیرۆ ئەمە چییە من نووسیومە؟! جا کێ
ئەم دێڕانەم لێ قبوڵ ئەکا؟!"
- قسەی دوای هێور بوونەوەم -

- 1 -

" ئادەمیزاد "

باوکە ئادەم!
سوێندم خواردووە بیسەلمێنم ئادەم زادەم
نەک هەر بەهەشت
ئا لەم دونیاش وەدەرنرێم
قەپ لەم دوو سێوە بەرنادەم

*  *  *     *  *  *     *  *  *

- 2 -

" خووە ئاشکراکانمان "

لە خەونما شار ئاو بردی
سپێرمی بەئاوادراوی ناو زێرابەکان گرتییەوە.

*  *  *     *  *  *     *  *  *

- 3 -

" متمانه "

***دولبەرم چەن لێم دوور بێ و***
***بەساڵیش نەیەتەوە***
***نامە نادەم بە شەماڵ***
***لە ڕێگە ئەیکاتەوە***

* * *     * * *     * * *

– 4 -

"ماڵی سپی "

***ئەرێ ئێمە ئەمانەوێ***
***قەیرە کچانی ئەم شارە***
***مەمکی سپییان***
***لەبۆ چی ڕۆژێکی ڕەشتر لەم ڕۆژەیان***
***بشارنەوە؟!***

* * *     * * *     * * *

- 5 -

" هەرزانیی "

***" ئەووەڵ مەزات "***

***" ئەم " دڵە نەرمە بە چەن قروشێ***

***" خاوەنی موحتاجە بۆیە ئەیفرۆشێ "***

* * *  * * *  * * *

- 6 -

" ئەوقاف "

***مزگەوتەکانی ئەم شارە***

***کەڵکی نوێژ و عیبادەتیان تیا نەماوە***

***چونکە وێنەی***

***منارەی گەلێ درێژتر لە منارەیان***

***گومەزی زۆر خڕ و قوتتر لە گومەزیان***

***لە دیواری ئاودەستەکانیان کێشراوە.***

* * *  * * *  * * *

– 7 –

" زەندیقیی "

هەر پێنج فەرزە
هەرکە لە نوێژ ئەبینەوە
ئێمەی عاشقانی ئەم شارە
دەستی نزا بۆ ئاسمان بەرز ئەکەینەوەو
ئەم دوعایە ئەڵێینەوە:
ئەی خوای مەزن
بیکەی بە خاتری گەورەییت
ئەو یارە کافرەم بگریت.
دادم بە لات
ئەو هەموو جوانیەت داوەتێ و
کەچی زەکاتی دەرناکات.

* * *       * * *       * * *

– 8 –

" شایەتمان "

لەبەلاشە،
نییە کە عاشقانی شار
شەوانە پێش خەوتن ئەڵێن:
بێ سەرینیی بۆ خوا باشە.

* * *       * * *       * * *

- 9 -

" ماتریالیزمی مێژوویی "

ئەوەتەی بووە
مەمک پێچکەی مێژووە

* * *     * * *     * * *

- 10 -

" بوون و موون "

بانگەوازێک
لە شەوی سەری ساڵدا
بۆ گشت مرۆڤ:
تکایە هەر ئەمشەو
لە کاتژمێر دوانزەی تەواو
لەسەر هەرسێ میلی جووتبووی کاتژمێر
کۆببنەوەو
بە کۆراڵ و بە یەک نەوا
جرتێکی زل،
زل زل . زل زل
بۆ ئەو ساڵە لێدەن کە دێ و
بۆ ئەو ساڵەش کە وا دەڕوا.

* * *     * * *     * * *

کەرکوک - 1997